# بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە

**گرنگی لە رادەبەدەری بابەتی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە:**

ئایا بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بابەتێکی گرنگە تا لە پەروەردەکردنی منداڵەکانماندا بایەخی پێبدەین ؟ئایا هیچ کاریگەری دەبێت لەسەر کەسایەتی منداڵەکانمان؟سودی چییە گەر ئێمە ڕەخنەگرانە بیر بکەینەوە یاخوود بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانەمان هەبێت ؟

لە ڕاستیدا بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە جۆرە لێهاتوویەکی بەرفراوانە، کە لە ڕێگەیەوە بە شێوەیەکی بابەتیانە و ژیریێژیانە توانای بڕیاردانمان گەشە دەکات، هەروەها لە ڕێگەیەوە فێرخوازێکی پشت بەخۆ بەستوو بەرهەم دێنێت. یارمەتیمان دەدات لە ژیانی ئاساییماندا بڕیاری دروست و تەواو بۆ خۆمان بدەین چ لە ماڵەوە یان لە قوتابخانە و شوێنی کارەکانمان بێت ...هتد. ئەمانەی خوارەوە چەند هۆکارێکن کە گرنگی بیرکرنەوەی ڕەخنەگرانە دەخاتەڕوو :بۆچی گرنگە ئێمە خاوەنی ئەم لێهاتوویە بین؟

١- هانمان دەدات کەسێکی سەربەخۆ بین لە ڕووی بیرکردنەوە و پشت نەبەستین بە کەسانی دەوروبەرمان، بەتەنها خۆمان دەبینە خاوەنی توانا وخاڵە لاوازەکانمان ئەمەش وا دەکات کەمتر هەڵە بکەین لە بڕیاردان و هەڵسەنگاندنەکانمان لە ژیانی ڕۆژانەماندا، چونکە ئەمە یەکێکە لە گەورەترین کێشەکانی بنەماڵەکان لە پەروەدەکردنی منداڵەکانیاندا ئەوەیە کە بە جۆرێک منداڵەکانیان پەروەردە دەکەن کە تەنانەت بۆ بچوکترین بڕیاری ژیانی خۆیان دەگەڕێنەوە بۆ لای دایباب یاخود کەسێکی نزیکیان، ئەمەش کاریگەریەکی ترسناکی هەیە لەسەر کەسایەتی منداڵ بە جۆرێک کە ترسنۆک و لاواز دەردەچێت بەرامبەر بە کاریگەرییەکانی کەسانی چواردەوری لە داهاتوودا.

٢- بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە توانای هەڵسەنگاندنمان زیاد دەکات، بیرکردنەوە لە هۆکار و دروستکردنی پاساوی ژیریێژیانە هەمیشە وێنەدانەوەی باشی دەبێت لە بەها و بڕیارەکانماندا، وادەکات ئێمە هەموو وتەیەک بە نەگۆڕ و ڕەها وەرنەگرین، دەشێت بۆ هەندێک پرسیار لە وەڵامێک زیاتر هەبێت دەشێت وەڵامی ڕاست و وەڵامی ورد و تەواویش هەبێت، دەشێت چەندەها پرسیار هەبێت بە هەڵە وەڵام درابنەوە لە پیشتردا و پێویست بکات وەڵامێکی سەر لە نوێی بدرێتەوە.

٣- بەهێزکردنی هونەری دەربڕینمان: لە ڕێگەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەوە دەتوانین بیرۆکە کانمان بە شێوازێکی ڕێکخراوتر و ژیریێژیانەتر و کاریگەرتر دەربیڕین.

٤- بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە توانای داهێنان و دۆزینەوە زیاد دەکات چونکە وامان لێدەکات بیرکردنەوەی ڕەسەن و داهێنەرانەمان هەبێت و بیرۆکە و شیکاری نوێ و ڕێگەچارەی نوێمان لە بیرکردنەوەکانماندا هەبێت، ئەمەش وادەکات کەسێکی سەرکەوتوومان لێدەربچێت لە ژیانماندا و خۆمان بگونجێنین لەگەڵ هەڵبەز و دابەزی ژیانی ڕۆژانە و ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی تیایدا ڕوودەدات.

٥- هانمان دەدات بڕیاردەرێکی زۆر باش بین لە هەڵبژاردنەکانماندا لە ڕێگەی شیکردنەوە و هەلسەنگاندنی زانیارییەکان و ڕاستی و دروستی و تەواوییان.

٦- وا دەکات بیرکردنەوەمان لەگەڵ ئابوری سەدەی ٢١ دا یەکبگرێتەوە، ڕوونە کە سەدەی ٢١ سەدەی زانیاری و تەکنەلۆژیایە ڕۆژانە گۆڕانکاری و پێشکەوتنی خێرای تێدا دەکرێت، ئەویش لە ڕێگەی شیکردنەوەی زانیارییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان و خواستی داواکارییەکان, هەموو ئەمانە پێویستی بە کەسانێک هەیە خاوەنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بن. ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی ڕاهێنان کردنەوە هەموو لێهاتووییەک دروست بکەین لە خۆماندا، دەکرێت لە تەمە نێکی کەمەوە نەوەکانمان دروستتر و باشتر پەروەردە بکەین تاوەکو تاکێکی تەندروست و خاوەن کەسایەتی تایبەتی خۆیان بن لە داهاتوودا، ببن بە سەرمەشقی کۆمەڵگاکەیان.

دەستەواژەی **(بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە)** لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لەلایەن هەندێک بیرمەندی ڕۆژئاواییەوە وروژێنرا، یەکێک لەوانە: دەروونناس و بیرمەند **"جۆن دیوید (١٨٥٩ - ١٩٥٢) ئەمریکی"** بوو، کە یەکێک بوو لە ڕابەرانی فەلسەفەی پراگماتی. لەو کاتەوە ڕەخنەگرانی دەروونناسیی و کۆمەڵناسیی، وەک بەشێکی گرنگی بواری مرۆڤناسیی، توێژینەوەی زۆریان لەسەر ئەم بابەتە کردووە و نزیک بووەتەوە لە زانستێکی سەربەخۆ.

**پێناسەی بیرکردنەوە:**

**بیرکردنەوە بە زمانێکی ساکار:** چالاکییەکی عەقڵی مرۆڤە، لە سنووری زانیارییە تۆمار کراوەکان لە زاکیرەی مرۆڤەکان دا، بۆ گەیشتن بە دەرەنجامێکی خوازراو. واتە بیرکردنەوە شێواز و پرۆسەیەکی هزرییە، کە دەبێتە دینەمۆ و سەرچاوەی گشت کار و جووڵەی زۆربەی ئەندامە کانی مرۆڤ.

بەدەر لە وەی زانایانی دەروونناس و فەیلەسوفان وتوویانە: دروستترین وێنای پرۆسەی بیرکردنەوە ئەوەیە کە قورئان دەریخستووە، کە یەکێک لە هێزەکانی دەروونی مرۆڤ ئەوەیە کە ناوی ناوە (قەلب) یان (فوئاد)، ئەوە کە پرۆسەی بیرکردنە و ئاوەزکردن و عەقڵ بەخەرجدانی لێوە دەرئەچێت، چونکە قورئان بە شێوەی کردار (فعل) ناوی لە عەقڵ بردووە: **(یعقلون، تعقلون، یتفکرون)**، بۆ نموونە دەفەرموێت: **«فتکون لهم قلوب لا یعقلون بها»** (حەج/٤٦)، ئەم ئایەتە زۆر ڕوونە لە دەرخستنی ئەو زانیارییەدا کە عەقڵ کارێکە لە کارەکانی **دڵ**، ئەوەی لە کوردەواریدا پێی دەگووترێ: **(دڵپێدان)، (دڵی بدەرێ)، (دڵ دەدا بەقسە)، (دڵ نادا بە قسە)،** کە بە عەرەبییەکەی دەبێتە: بەستنەوە، چونکە عەقڵ لە **(عقال)**ە بە مانای ئەو گوریسەی کە شتی پێ دەبەسرێتەوە.

دیارە پرۆسەی بیرکردنەوەیش تێڕامان و وردبوونەوەیەکی قووڵە، کە دەکەوێتە پێش عەقڵ و بەستنەوە بە زەینییەتێک، کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد. قورئانی پیرۆز **(١١)** جار لە وشەی **(یتفکرون)**ی تێدا هاتووە، واتە بیرکردنەوە، بوارەکانی بیرکردنەوەشی دیاریی کردوون، وەك: دروستکردنی ئاسمانان و زەوی، داستان و بەسەرهاتی مێژوو، نیشانەکانی خوا لە باران بارین و بوژاندنەوەی زەوی و بەرهەمەکانی و..هتد، کێو و ڕووبارەکان، جووتیەتی لە بوونەوەردا، بیر کردنەوە لە قورئان، لە پەیوەندیی نێوان هاوسەران، لە خەو و..هتد.

بەهەرحاڵ، تا زانیاریی کەسێک زۆرتر بێت، پێویستە چالاکی هزریی و فیکرییەکەی زۆرتر بێت، دیارە بە مەرجی بیرکردنەوە. واتە مەرج نییە کەسی خاوەن توانای جەستەیی، توانای بیر کردنە وەشی زۆرتر بێت، بەڵکوو ڕادەی زانیاریی و ڕادەی بیرکردنەوە ناونیشان بۆ هەرکەسێک دادەنێن. کەواتە دیوێکی شاراوە و بەشێکی سەرەکیی کەسیەتی مرۆڤ لەم پانتاییە نادیارەدایە، زۆری و کەمیشی ڕێژەییە و بەستراوەتەوە بە دوو فاکتەری: **(زۆری و کەمیی وردەواڵەی زانیارییە کان)** و **(ڕادەی خستنەکاری هزر و ئاوەز)**ەوە.

## کاریگەری بیرکردنەوە لە سەر تاک و کۆمەڵ:

بەپێی خوێندنەوەی مێژوو و ژیار و شارستانییەت و کۆمەڵگەکان، بیرکردنەوەی تاک بە درێژایی مێژوو لەسەر کۆمەڵگە و شارستانییەتەکان کاریگەریی بەجێ هێشتووە. لەهەر سەر دەمێکدا کار لەسەر ڕادەی بیرکردنەوە کرابێت، پێشکەوتن و گەشەکردن ژمارەی پێوانەیی بە دەست هێناوە. لە سەردەمی یۆنان و فەیلەسوفەکانییەوە، لە یاساکانی (حەموڕابی)یەوە، لە بیرکردنەوەکانی فیرعەونەکان و شارستانییەتەکانی بیزەنتیی و ساسانییەکانەوە، لە شارستانێتی دێرینی چین و هیندەوە، تا سەردەمی زێڕینی ئیسلام و تا دونیای مۆدێرن، زۆر و کەم ئەو ڕاستییە مان بۆ دەسەلمێت، کە (بیرکردنەوە) بزوێنەری جەستە و خولقێنەری پێشکەوتنەکان و دەستکە وتەکان بووە.

## جۆرەکانی بیرکردنەوە :

به خوێندنەوەیەکی لۆژیکیی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە چەندین جۆری بیرکردنەوە هەن، وەک: **بیرکردنەوەی سۆزدارانە**، کە پشت بە هەست و سۆزی دوور لە زانیاریی دەبەستێت، **بیرکردنەوەی نەرێنی،** کە ڕەشبینانە دەڕوانێتە پرۆسەکە، **بیرکردنەوەی ئەرێنی و گەشبینانە،** کە پێچەوانەی پێشووەکەیە، **بیرکردنەوەی داهێنەرانە،** کە پشت بە هەر زانیارییەکی نوێ دەبەستێت، **بیرکردنەوەی گشتگیر،** کە ئەوەیان نموونەییە و بەپێی پێوەر و ستانداردی زانستیی جێبەجێ دەکرێت، هەروەها **بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە،** کە ئێمە لەم بابەتەدا قسە لەم جۆرەیان دەکەین.

## بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە:

بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بریتییە لە شیکارییەکی هزرییانەی بابەتییانە بۆ ڕاستییەکان، بۆ گەیشتن بە دەرەنجامێکی گونجاوی دڵنیاکەر. ئەوەی گرنگە لە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەدا ئەوەیە کە خاوەنەکەی بێ لایەنانە دەست بکات بە کاری توێژینەوە و شیکاریی و بڕیاری پێش وەختەوە نەدات. کەواتە نابێت کاری شیکاریی تەنها بۆ وروژاندن بێت، بەڵکوو دەبێ بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکی چاوەڕوانکراو بێت، ئەگەرچی مەرجیش نییە خاوەنی بیرکردنەوە بگاتە ئامانج، بەڵام کارەکەی دەبێتە هەنگاوێک بۆ گەیشتن بە ڕاستی.

پسپۆڕان و بیرمەندانی زانستی کۆمەڵناسی و کارامەیی مرۆڤ، یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە تاکە ڕێگەی دوور لە گومانە بۆ دەستەبەرکردنی پێشکەوتنی تاک و خێزان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و تەنانەت دامەزراوە ڕەسمییەکانی دەوڵەتەکانیش، بۆیە هەر لە سەردەمی فەیلەسوفانی یۆنانەوە، تا دونیای مۆدێرن، هەر نەتەوە و دەوڵەتێک ئاستی بیرکردنە وەی ڕەخنەییان لە پێشەوە بووبێت، ئەو دەوڵەت و نەتەوەیە بە شێوەیەکی سەرسوورهێنەر گەشەی کردووە و پێشکەوتنی زیاتر بە خۆیەوە بینیوە.

هەندێک بە هەڵە پێناسەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیان کردووە، کە گوایە :**بریتییە لە گەڕان بە دوای عەیب و عار و کەم و کورتیی و ناتەواوییەکاندا.** بەڵام ئەم پێناسەیە نادروستە، ڕاستتر ئەوەیە کە بڵێین: بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بریتییە لە گەڕان بە دوای ڕاستیدا، پرۆسەیەکی پشکنینی هزرییە بۆ ئەگەر و نەگەری بوونی عەیب و ناتەواویی، چونکە ئەگەر هەر لە سەرەتاوە تیشک بخرێتە سەر عەیب و ناتەواویی، مانای وایە خاوەن هزر و پشکێنەر بڕیاری پێشوەختی هەیە و بە چاوی بۆ عەیب گەڕان کاری شیکاریی دەست پێ دەکا، کە ئەوە مەرجی بێلایەنبوونی لێ دەشۆرێتەوە.

**بنەما سەرەکییەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی:**

١. نەبوونی بڕیاری پێشوەخت و بێلایەنیی تەواو لە دووڕیانەکەدا.

٢. دانانی پێوەری زانستیی بۆ وەرگرتن و ڕەتکردنەوە، پێوەری ستانداردی هەر بوارێک بۆ خۆی.

٣.گەڕان بەدوای دژە تەوەرەکاندا، بۆ دەرکەوتنی قەوارەی دروستی هەر تەوەرێک لە گۆشە نیگا جیاوازەکانەوە.

٤ -پشتبەستن بە لۆژیک و بیرکردنەوە و هەڵێنجان، زیاتر لە گواستنەوەی بۆچوون و قسەی کەسانی دی.

٥ -خستنە بەرچاوی تەواوی ئەگەرەکان لەهەر بابەتێکدا و لێکدانەوەی یەک بە یەکیان، چ بە جیا جیا، چ لە کەنار یەکتردا.

کەواتە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بۆ گەیشتنە بە ڕاستییەکان، بۆ داتەکاندنی هەڵە و عەیب و عارە لە سەر هەر بابەتێک، نەک عەیبدارکردن، ئەوەش لەڕێی تەتەڵەکردن و هەڵسەنگاندن و کاری بەراوردکارییەوە، بە پشتبەستن بە بەڵگە و لەبەرچاوگرتنی دژەکان و خوێندنەوەی گۆشەنیگا جیاوازەکان و خەملاندنی هەموو ئەگەرەکان.

**بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە** بریتییە لە هەڵسەنگاندنی ڕاستییەکان بۆ گەیشتن بە بڕیارێک و یەقینێک لەسەر بابەتەکان. بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بابەتێکی ئاڵۆزە و چەند پێناسەیەکی هەیە کەبە شێوەیەکی گشتی ئەمانە لەخۆدەگرێت**(ژیری، ژیریێژی، گومانکاری، هەڵسەنگاندنی بێ لایەنانە یان هەڵسەنگاندنێکی زانستی ڕاستەقینە و دروست).** ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە خۆ ئاراستەکەر، خۆ ڕێککار، خۆ چاودێریکەر و خۆ ڕاستکەرەوەیە بەو واتایەی کە هەموو ئەم هەنگاو انە لە لایەن تاکەکەس خۆیەوە دەست پێشخەری بۆ دەکرێت و پابەندە لەسەر پێوەری توند، بۆ نایابێتی و فەرمانی ژیرانە بۆ بەکارهێنانیان. بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لەسەر گەیشتن بەم ئامانجانە کار دەکات **(سازکردنی پێوەندی کاریگەر، توانای چارەسەری کێشە و زاڵبوون بە سەر خۆ ویستی ڕەسەنی دا).**

یەکەمین و کۆنترین بەڵگەنامەکان لەسەر بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە وانەکانی سوقراتە کە لە لایەن پلاتۆوە تۆمارکراوە. سوقرات هەستا بە دانانی ئەو ڕاستییەی کە ناتوانرێت پشت بە دەسەڵات ببەسترێت بۆیە لەو بارەیەوە زانیاری و دیدگایەکی پتەوی پیشان دا و پێی وابوو، کە چەندەها کەس هەن کە لە دەسەڵات و پلەیەکی بەرزدان، بەڵام زۆر سەر لێشیواو و ناژیرن چونکە بێ ئەوەی بیرکەرەوەیەکی ڕەخنەگر بن، بڕیاری نادادپەروەرانە دەدەن، بۆیە لەسەر گرنگی

پرسیارکردنی قووڵ پێداگیریی دەکرد کە وا دەکات تێرو تەسەلی بکەوێتە ناو بیرکردنەوە و تێڕامان، پێش ئەوەی بڕیاری پەسەندکردنی بیرۆکەکان بدەیت.

سوقرات هەستا بە دانانی کارنامەیەک بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بەمەبەستی هێنانە کایەی پرسیارگەلێک دەربارەی باوەڕ و لێکدانەوە باوەکان و بە وریایی جیاکردنەوەی باوەڕە ژیر و ژیرێژییەکان لەو باوەڕانەی کە بەڵگەیەکی پێویست و قایلکەریان نییە یاخود خاوەنی بناغەیەکی بەجێ نین هەرچەند ئەو باوەڕە نادروستە گونجاو بێت لەگەڵ خۆویستە ڕەسەنەکانمان دا خزمەتی بەرژەوەندییە شاراوەکانمان بکات یان ئاسوودەمان بکات.

دەستەواژەی **بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە**، وشەی ڕەخنەگرانە **(Critical)** لە وشەی (Critic = kritikos = κριτικός) یۆنانییەوە وەرگیراوە و بە توانستی مێشک پێناسە دەکرێت بۆ زانیین و بڕیاردان و هەبوونی توانای درک پێکردنی بابەتگەلێک. مێژووی وشەکە هێندەی سەرچاوەی وشەکە خۆی کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی وێنا و دیدگای سوقراتی فەیەلەسوفی یۆنانی کە پێش ۲۵۰۰ ساڵ گەیشتە ئەنجامی ئەوەی کە خەڵک ناتوانن بە یەقینەوە پاساو و سەلماندن بۆ بیربۆچونەکانیان بهێننەوە دەربارەی ڕێژە و توانستی زانینیان.

**بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بە چەند شێوەیەک پێناسەکراوە:**

- ڕێکاری وێناکردن، جێبەجێکردن، شیکردنەوە، پێکەوە ڕێکخستن و هەڵسەنگاندنی زانیاری بە شێوازێکی چالاکانە، بۆ گەیشتن بە وەڵام و دەرئەنجامێکی گونجاو.
- بیرکردنەوەیەکی ڕێک و پێک کە ڕوون، ژیرانە و مەودا فراوان بێت کە پشت بەستراو بێت بە بەڵگە.
- هەبوونی پابەندێتی بۆ بەکارهێنانی ژیرێژی بە مەبەستی شرۆڤەکردنی بیروباوەڕەکانمان .
- هەبوونی بەهرە و ویست بۆ بەشداریکردن لە چالاکییە گومانکارییەکان .
- خەملاندنێکی پشت بەستوو بە هەڵسەنگاندنێکی تاقیکاری ورد .

هەندێک لە نووسەر و ڕوناکبیرانی سەر بە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە ئەم پێناسە باوانەیان فراوانتر و قوڵتر کردۆتەوە بە زیادکردنی **(داهێنەرایەتی، خەیاڵکردن، دۆزینەوە، ڕەنگدانەوە، هاوسۆزی، بەشداریکردنی زانیاری، بیردۆزی فێمنیستی «مافخوازی ئافرەتان»، بابەتی بوون و نادیاری)**. بەڵام لە لایەکی دیکەوە هەندێک پێناسە لەم چەمکانە بەدەرن.

**ئەرکەکان:**

- بەڵگە بەپێی ڕاستی.
- بەهرەیی مەودایی: بۆ جیاکردنەوە و دابڕاندنی کێشەکە لە مەودای بابەتەکە.

- بابەت و پێوەری پەیوەست بۆ بڕیاردانێکی دروست.
- شێواز و ڕێی کردەیی بۆ شرۆڤەکردنی بڕیارەکان.
- بیردۆزی کردەیی بۆ تێگەیشتن لە کێشەکان و پرسیارە بەردەستەکان.

سەرەڕای هەبوونی بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی بەهێز، بەڵام تاک دەبێت بتوانێت ڕووبەڕوی کێشە و بڕیارەکان ببێتەوە بە سوودبینین لەم بەهرە باسکراوانە. بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە تەنها بنیاتنەری ژیریێژی نییە بەڵکو لە ڕێگەی **"بینین لە جیاتی تەماشاکردن و گوێگرتن لە جیاتی بیستن"** پێوەرێکی بەرفراوانی ڕوناکبیری و ڕۆشنبیری دەهێنێتە کایەوە وەک: ڕوونی، ڕاستگۆیی، وردبینی، قووڵایی تێروانین، فراوانی بوونی مەودای بینین، گرنگی و دادپەروەری.

**بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەبێتە هۆی پێگەیاندنی ئەم تواناyانە :**

- ناساندنی کێشەکان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو و کردەیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ گشت گرفتەکان.
- تێگەیشتن لە گرنگی پێشینەیی و ڕیزبەندی هەنگاوەکان بۆ چارەسەری کێشەکان.
- کۆکردنەوە و ڕێککردنی زانیاری پەیوەست بە کێشەکانەوە.
- دیاریکردنی گریمانە و نرخە نەناسراوەکان.
- بەکارهێنان و تێگەیشتنی زمان بە وردی و ڕوونی.
- لێکدانەوەی زانیارییە دراوەکان بۆ هەڵسەنگاندنی بەڵگە و مشتومڕەکان.
- ناساندنی بوون و نەبوونی پەیوەندی ژیریێژیانە لەنێوان پێشنیارکراوەکان دا.
- شێوەکردنی دەرئەنجام و گشتگیرکردنی دڵنیاکەرەوە.
- خستنە ژێر تاقیکردنەوەی دەرئەنجام و گشتگیرکردنە بەدەست هاتووەکان.
- دروستکردنەوەی شێوە باوەڕێک کە بەند بێت لەسەر ئەزموونێکی فراوانتر.
- دابینکردنی بڕیاری ورد دەربارەی بابەتی دیاریکراو و جۆرێتی ژیانی ڕۆژانە.

**پرۆفیسۆر ئێدوارد م. گلەیزەر** پێی وایە کە توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە سێ بەش پێکدێت :

١. توانای بیرکردنەوە بە شێوەیەکی وریاییانە دەربارەی ئەو کێشە و بابەتانەی تووشی ئەزموونی یەکێک دەبێت.
٢. زانینی شێوازەکانی ناوەڕۆکی بەدواداچون و ژیریێژی.
٣. چەند بەهرەیەک بۆ جێبەجێکردنی ئەو شێوازانە.

ئامانجی بەرنامە پەروەردەییەکان گەشەسەندنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیە لە منداڵان و فێرخوازە پێگەیشتووەکان چ بە شێوەی تاکەکەسی یان بە شێوەی کۆمەڵە بن بۆ فێربوون

دەربارەی چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان، بڕیاردان و بەکارهێنانی ئەو سێ خاڵە سەرەکییەی لەسەرەوە باسکراوە .پرۆژەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە تاقیگەی زانستی مرۆڤایەتی لەندەن بەشدارە لە لێکۆڵینەوەی زانستی بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی سیستەمە پەروەردەییە گەورەکان کە چۆن هان و پشتگیری بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەکەن لە ناوەندەکانی فێرکردن.

**هەنگاوەکانی پرۆسەی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی:**

به وردبوونەوە لە پێناسە و بنەماکان و ئەو ڕوونکردنەوەیەی دامان، دەگەینە ئەو دەرەنجامە، کە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی ئەم هەنگاوانەی دەوێ:

١ -سەرەتا بیرکردنەوە لە ئامانجی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، کە گەیشتنە بە ڕاستیی (حەقیقەت).

٢ -کۆکردنەوەی زانیاریی تەواو، دەربارەی ئەو بابەتەی دەکرێتە تەوەر، بەو باس و توێژینەوانە شەوە کە باس لەو تەوەرە و زانیاریی پەیوەندیدار بەو تەوەرە دەکەن.

٣ -خوێندنەوە و وردبوونەوە لە تەواوی ئەگەرەکان و کاری شیکاریی دژە تەوەرەکە و ڕا و بۆ چوونە جیاوازەکان.

٤ -لە بەرچاوگرتنی پێوەری زانستیی لە هەموو ڕەهەندە هزریی و زمانیی و مێژوویی و کۆمەڵایە تییەکاندا.

٥ -هەڵسەنگاندنی بێ لایەنانە بەپێی ئەو پێوەرانە، بە بەڵگەی لۆژیکی. ئەمەش هەمووی پێویستی بە وردبینی، پەلەنەکردن، بازنەدان بەسەر قۆناغەکاندا، بابەتیی بوون، بێلایەنیی، نەبوونی دەمارگیریی، نەبوونی بڕیاری پێشوەختی هەیە.

کاتێک دەمانەوێ بەرەو جێبەجێکردنی پەروەردەی دیموکراسی ڕەخنەگرانە هەنگاو هەڵبگرین، دەبێ باس لەوە بکەین کە یەکێ لەو بابەتە گرنگانەی کە پێویستە لە هەر قوناغێکی خوێندن و هەر جۆرێکی خوێندندا بوترێتەوە برتییە لە بابەتی **(بیرکردنەوە)،** بۆ ئەم مەبەستەش مامۆستاو ڕاهێنەری پەروەردەیی پێویستە هەوڵی گواستنەوەی فێرکار بدات لە ژینگەی **(توتی ئاسا)**وە بۆ ژینگەی **(فێرخوازی بیرکراوە)،** ئەوەش بە جەختکردنەوە لەسەر **(بیرکردنەوە)** دەبێت کە دەبێتە بنچینەی فێرکردنی ڕەخنەگرانە و پەروەردەیەکی سەرکەوتووی دیموکراسی ڕەخنەگرانە بەرهەم دێنێت. بەشێوەیەک کە فێرخوازان بتوانن لە قۆناغە جیاوازەکان و پۆل و ناوەندە جیاوازەکاندا ئەم شێوازی پەروەردەیە بگوازنەوە، چونکە هەر ئەم قوتابی و خوێندکارانە سبەینێ دەبنە مامۆستاو ڕاهێنەری ژینگەیەکی نوێی پەروەردەیی، کەواتە لە پەروەردەی دیمو کراسی ڕەخنەگرانەدا ڕاهێنەرانی پەروەردەیی لە سەریان پێویستە فێرکاران بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە

یەکی جیاواز لە مەی خۆیان ئامادە و ساز بکەن. هەروەک زۆر گرنگە پەروەردە بە شێوازێکی نوێ پێناسە بکرێتەوەو ئەوەی بسەلمێنرێت کە کاتێک باسی (پەروەردە) دەکرێت مەبەست پێی پەروەردەی قوتابخانە نیە وەک چۆن کاتێک باسی (ڕەوشت) دەکرێت تەنها مەبەست پەیوەندی نامەشروعی نێوان نێر و مێ نییە.

"پێویستە ئامانجی پەروەردە لە ژینگەی پەروەردەییدا فێرکردنی بیرکردنەوە بێت نەک فێرکردنی بیرکردنەوەی ئەوانیتر." بۆیەش بە جەختکردنەوە لەسەر بیرکردنەوە لە پەروەردەی ڕەخنە گرانەدا گەرەنتی پەروەردەیەکی تەندروست و سەرکەوتوو دەبێتە یەکێک لە پایەکانی پەروەردە. لەم روانگەیەوە گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی پەروەردە کە پەروەردەی ڕەخنەگرانەیە، مامۆستا و راهێنەری پەروەردەیی پێویستە دەرفەتی گەشە بە پرۆسەی بیرکردنەوە و کردنەوەی بواری رەخنە و پەروەردەی ڕەخنەگرانە بخولقێنێت.

**پێناسە و تایبەتمەندییەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە:**

ئەگەر سەرنجێکی خێرای بارودۆخی پەروەردە و ئاست و شێوازی پرۆگرامەکانی فێرکاری لە قۆناغەکانی پەروەردە لە ژێر سایەی جیهانیبوون (گلۆبالیزەیشن) و تەکنەلۆجیا بدەین، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی قوتابی و خوێندکار زۆر بەئاسانی دەتوانن هەر بابەتێک بیانەوێ فێری دەبن، یان لە وانە ئۆنلاینە فێرکارییەکاندا بەشداری بکەن، بۆیەش ئەوەی وەک ئەرکێکی گرنگ و سەنگینی مامۆستا و راهێنەرانی پەروەردەیی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە ئەرکی زەمینەسازی بیرکردنەوە و دەرفەتی رەخنەگرتن بسازێنن کە بنچینەی پەروەردەی دیموکراسی ڕەخنەگرانەیە.

گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە قۆناغە جیاوازەکانی پەروەردەدا دەرکەوتەیەکی نوێ نیە، ئەم شێوازی پەروەردەیە لە بنچینەدا بۆ (سوقرات) دەگەڕێتەوە، سوقرات بە پرسیاری زانایانە هاوکاری قوتابییەکانی دەکرد کە بیربکەنەوەو دواتریش بیرکردنەوەکانیان ڕوون بکەنەوە. لە ئێستاشدا چەمکی پەروەردەی دیموکراسی ڕەخنەگرانەو بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە یەکێکە لە تەوەرە گرنگەکان و دەکرێ هەریەک لە **(رۆبێرت ئەنیس، ماتیۆ لیپمان، رۆبێرت شتاینبێرگ)** بە لێکۆڵەرەانی ئەم بوارە دابنرێن. **ئەنیس ڕۆبێڕت،** بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بە بیرکردنەوەیەکی واقیعی و مەنتیقی پێناسە دەکات، کە سەنتەرەکەی لێکدانەوەی بیروڕا و ئاراستەکانە، روونیش دەکاتەوە کاتێک تاکێک هەوڵدەدات، تا بابەتێک بە وردی لێکبداتەوە بە دوای کۆمەڵێک بەڵگەی گرنگدا دەگەڕێت و تاوتوێی بارودۆخەکە دەکات و ئەنجامێکی رازیکەری دەستدە کەوێت، کەواتە بیرکردنەوەکەی بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بووە.

**لێپمان** بەشێوەیەکی تایبەت بیرکردنەوەی ئاسایی لە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە جیادە کاتەوە، بە بڕوای ئەو بیرکردنەوەی ئاسایی سادەیە، بەڵام بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە ئاڵۆز و پێویستی بە کەشێکی تایبەت و بیروهۆشێکی ئامادەکراو و بڕیاردان لەسەر بناغەی بەڵگە و دۆکیۆ

مێنت دەبێت، لەم رووەشەوە: چاودێریکردن و روونکردنەوەی بابەتەکان، کۆکردنەوەی زانیار ییەکان، شیکردنەوەی پرسیارەکان، چاودێریکردن و دادوەریکردن لەسەر بنەمای سەرچاوەکان، کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان، و ئەنجامەکان و بەراوردی ئەنجامەکان، هەموو ئەو چالاکییەکانەن کە لە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەدا ئەنجامدەدرێن.

**شتاینبێرگ** بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بە تاکە ڕێگەچارەی گرفتەکان پێناسە دەکات و **بێنسێلی** ڕای وایە، کە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، پێویستی بە راهێنانی زۆر و سەرچاوەی زانیاری گرنگ هەیە و هەموو تاکێکیش تایبەتمەندی خۆی هەیە لە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەدا. هەر یەک لە **(نێلسن، ئۆزبۆن، براون، سانترۆک)**، جەخت لەسەر راهێنانی گرنگ بۆ پراکتیزە کردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە لایەن راهێنەرانی پەروەردەیی دەکەنەوە.

**پراکتیزەکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە:**

بە خۆشحاڵییەوە پاش روونکردنەوەی چەمکی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە چوارچێوەی پەروەردەی دیموکراسی ڕەخنەگرانەدا ئێستا مەیلێکی فراوان هەیە بە ئاراستەی پیادەکردن و پراکتیزەکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە ناوەندەکانی خوێندن و ژینگە پەروەردەییەکاندا، یەکەم هەنگاوی راهێنەرانی پەروەردەی بە ئاراستەی پراکتیزەکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بریتییە لە رزگارکردنی قوتابیان و خوێندکاران لە **"لەبەرکردنی بابەت"**ەکانەوە بۆ **"بیرکردنەوە لە بابەت"**ەکان.

بنەمای فێربوون شێوازی بیرکردنەوەیە کە دەبێ قوتابیان فێری شێوازی بیرکردنەوە بکرێن. راهێنەرانی پەروەردەیی پێویستە بە هەڵکەندن و لابردنی ڕێگری و لەمپەرەکانی بەردەم بیرکردنەوەکان، دەرفەتی بیرکردنەوەیەکی ورد و ئامانجدار بۆ قوتابیان و فێرخوازان بخولقێنن، **(وتنەوە و فێرکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە)** یەکێکە لە پایە گرنگەکانی پەروەردەی دیموکراسییە، بۆیەش گرنگە مامۆستایان و راهێنەرانی پەروەردەیی لە چوارچێوەی فراوانکردنی بواری بیرکردنەوە و بواری ڕەخنە لە یەککاتدا ڕێگاکانی ئەم راهێنانە بە واڵایی بهێڵنەوە، هەر مامۆستا یەک، لە مامۆستای بیرکارییەوە تا کۆمەڵایەتی، لە زانستەوە تا زمان پێویستە وەک بنەما و بیروباوەڕ بواری بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بکاتەوە.

زۆرێک لە مامۆستایان و راهێنەرانی پەروەردەیی تا ئێستاش پێیان وایە ئەو قوتابیانەی، باش دەخوێننەوە، یان باش دەنوسن، باشترینن، کە لە ڕاستیدا لە بنەمای پەروەردەی دیموکراسی ڕەخنەگرانەدا دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە بیرکردنەوەی باش و ڕەخنەگرتنی باش هێماکانی لێهاتوویی و زیرەکی قوتابیان و خوێندکارانن. لەم چوارچێوەیەشدا زۆر گرنگە لە پایە گرنگەکانی پەروەردەدا کە **(مامۆستا، قوتابی، پرۆگرامی پەروەردەیی و ژینگەی پەروەردەیی)**ن جەخت لەسەر تۆخکردنەوەی رۆڵی مامۆستا وەک راهێنەری پەروەردەیی بکەینەوە کە ئەرکێکی یەکجار

قورسیان لە ئەستۆدایە. **ئەنیس** ڕێگاکانی پراکتیزەکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی بە سەر چوار تەوەری سەربەخۆ دابەش کردووە کە هەریەکەیان کۆمەڵێک چالاکی لەخۆدەگرێت:

**یەکەم :**پێناسە و پۆلێنکردنی تەوەرەکە: کە (دۆزینەوەی ئەنجامەکان، ڕوونکردنەوەی هۆکارە کان، بەروارد و جیاوازییەکان، لادانی زیادەکان و کورتکردنەوە و پوختکردنەوە) دەگرێتەوە.

**دووەم :**پێشنیارکردنی پرسیاری گونجاو لەسەر تەوەرەکە: کە (بۆچی؟ خاڵی گرنگ چیە؟ نمونەکان چین؟ کاریگەرییەکەی چیە؟ جیاوازییەکەی چیە؟ ڕاستییەکە کامەیە؟ و چی پێویستە زیاد بکرێت؟) دەگرێتەوە.

**سێیەم :**سەرچاوەی متمانەپێکراو چاودێری بکەن: کە (سەرچاوەکان یەکبخرێن، متمانەی سەرچاوەکان لە بەرچاو بگیرێت، ڕێگا متمانەپێکراوەکان بەکا ربهێنرێن، مەترسییەکان بخرێنە ڕوو، و وردبینی سەرچاوەکان بکرێت) دەگرێتەوە.

**چوارەم :**شیکاری زانیارییەکان و دۆزینەوەی ئەنجامەکان: کە (شیکردنەوەی زانیارییەکان، ڕونکردنەوەی پێشنبینییەکان، دۆزینەوەی ئەنجامەکان، و بەراوردی ئەنجامەکان) دەگرێتەوە.

## سەرچاوەکان:


١ /ئەنیس، ڕۆبێرت (١٩٨٧)، گواستنەوەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بۆ ناو هۆڵەکانی وانەوتنەوە، وەرزنامەی زانکۆ، ژمارە: ٤١.

٢ /بێنسلی، ئالان (١٩٩٧)، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە دەروناسیدا، ناوەندی بڵاوکردنەوەی نێودەوڵەتی.

٣ /سانترۆک (٢٠٠٧)، گەشەپێدانی تواناکانی منداڵ، ناوەندی بڵاوکردنەوەی نیویۆرک (ئێم سی-گرۆهێڵ).

٤ /شتاینبێرگ (١٩٧٨)، گەشەپێدان لە ڕێگەی ڕێنماییەکانەوە، ڕێبەرایەتی پەروەردەیی، ژمارە:٧.

٥ /قرائی، و سلێماننەژاد(2008) ، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و پێویستیەکانی پراکتیزەکردنی لە ناو پۆلدا، وەرزنامەی پەروەردە، ژمارە:٦، تاران، ئێران.

٦ /لێپمان، ماتیۆ (١٩٩٧)، بیرکردنەوە لە پەروەردەدا، ناوەندی بڵاوکردنەوەی کامبرێج، زانکۆی کامبرێج.

٧ /نێڵسۆن (٢٠٠١)، واتای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە،ناوەندی بڵاوکردنەوەی کامبرێج، زانکۆی کامبرێج.



نعمەت شەهاب کەوانی

مامۆستای وانەی کارامەیی ئەکادێمی